عێراق پاپشتی لەقەتەر دەکات لە هێرشەکانی ئێرانیدا

ئەمڕۆ چوارشەممە "سابت محەمەد عەباسی" وەزیری بەرگری،لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ "سعود بن عبدولڕەحمان ئال سانی" هاوتا قەتەریەکەی،جەختیکردەوە کە عێراق پاپشتی لە قەتەر دەکات لە هێرشەکانی ئێرانیدا.

هەواڵنێری بەرگری لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : "سابت محەمەد عەباسی"وەزیری بەرگری،پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ "شێخ سعود بن عبدولڕەحمان ئال سانی" وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگری لە وڵاتی قەتەر، ئەنجامدا،بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخی ئەو وڵاتە دوای ئەو هێرشە سەربازییەی کە دوێنێ وڵاتەکەووبووی بووەوە.

بەگوتەی بەیاننامەکە : وەزیری بەرگری لە میانی پەیوەندیەکەدا هاوپشتیی عێراق و وەستانی لە تەنیشت قەتەرەوە لە هەڕەشەکانی ئێرانیدا دووپاتکردەوە، و جەختی لە قووڵیی پەیوەندیە برایانەکانی نێوان هەردوو گەل، و گرنگیی یەکگرتووی عەرەبی لە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیریدا کردەوە.

لەلایەن خۆیەوە، وەزیری بەرگریی قەتەر سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەوڵستی عێراق دەربڕی، و پشتیوانیی بۆغدا و پێرۆشیی بۆ ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە بەرز نرخاند.